پژوهشنامه ادبیات کردی
پاییز و زمستان ۱۴۰۰
سال ۷، شماره ۲، پیاپی ۱۲

*Journal of Kurdish Literature*
Autumn and Winter 2021-2022
Vol. VII, No. 2, Series 12

# لێکۆڵینەوەیەک لە سەر ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی شاعیرانی ڕۆشنبیری کورد لەبارەی سۆفیگەرییەوە

جەمال ئەحمەدی[۱]

نوع مقاله: پژوهشی

تاریخ دریافت: ۲٤ اردیبهشت ۱٤۰۰؛ تاریخ پذیرش: ۸ بهمن ۱٤۰۰؛ صص. ۲۵۳-۲٦۷

**DOI:** https://www.doi.org/10.34785/J013.2022.329

## کورتە

بە درێژایی مێژوو، عیرفان و سۆفیگەری لە لایەن زانایان و عارفانەوە کەوتووەتە بەر ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی زۆرەوە. لە ڕابوردووەوە تاکوو ئێستا، هێندێک لە زانایان کە ئەکرێ بە سەلەفی ناویان بەرین، ڕێبازی عیرفانییان بە لاوە دروست نەبووە و بەردەوام بەرپەرچیان داوەتەوە و ڕەتیان کردووەتەوە؛ بەڵام هێندێ لە زانایانی دیکە، ڕەخنەی زانستییان لێ گرتووە و چاکی و خراپیی سۆفیگەرییان خستووەتە بەر چاو. کۆمەڵگای کوردیش کۆمەڵگایەکی موسڵمانە و وەک هەموو وڵاتە ئیسلامییەکان، سۆفیگەریی تێدا هەیە. وێڕای ڕێزدانان بۆ ئەو تاقمە عارفە تێکۆشەرانەی کە لە کۆمەڵگای کورددا کەم نەبوون، دەبێ بزانین هێندێ لە شێخ و سۆفییەکان لە دەقە ئەدەبییەکاندا وەکوو کۆسپ و بەرگری پێشکەوتنی کورد باسیان کراوە و بە توندی ڕەخنەیان لێ گیراوە. ئەم وتارە دەیەوێ لە ڕوانگەی شاعیرە کوردە ڕۆشنبیرەکانەوە، ئاوڕێکی ڕەخنەگرانە لە عیرفان و سۆفیگەری لە کوردەواریدا بداتەوە. ئەم توێژینەوەیە کە بە شێوەی شیکاریی ناواخنەوە، بە کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوە کتێبخانەییەکان نووسراوە، بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەگەڕێ کە هۆی دژایەتیی شاعیرە ڕۆشنبیرەکانی کورد لەگەڵ عیرفان و سۆفیگەریدا، بە تایبەت عیرفانی بەهەڵەداڕۆیشتوو، چییە. ئاکامی لێکۆڵینەوەکە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بە پێی ڕوانگەی ئەم شاعیرانە و بە وردبوونەوە لە ئاکار و هەڵسوکەوتی شێخ و سۆفییەکان، تەنبەڵی، بێکاری، دڵچەراندن، مەقامی قودسی بۆ خۆ دابینکردن، خۆ بەزل زانین و ڕیا و هتد، بوونەتە هۆی هەندێ کێشە و گرفت لە نێو کۆمەڵگای کورددا کە لەمپەری پێشکەوتنی کۆمەڵگاکە بووە.

**وشەگەلی سەرەکی:** عیرفان؛ سۆفیگەری؛ شیعر؛ کۆمەڵگای کورد؛ شێخ.

## چکیده

عرفان و تصوف در طول تاریخ از سوی عالمان و حتی خود عارفان نقد شده است. برخی از عالمان گذشته تا امروز، که می‌توان آنها را «سلفی» نامید، عرفان و تصوّف را نپذیرفته‌اند و مدام آن را رد کرده‌اند: امّا دسته‌ای دیگر از دانشمندان و عالمان، انتقادی عالمانه از آن گرفته‌اند و محاسن و معایب آن را نشان داده‌اند. جامعهٔ کُرد جامعه‌ای مسلمان است و همچون سایر جوامع اسلامی تصوّف در آن جریان دارد. بدون آن‌که قدرنشناس برخی از پیران طریقت و مشایخ و تلاش‌های آنان باشیم، در بسیاری از متون ادبی به‌ویژه شعر، مشایخ و متصوفه در کردستان، همچون مانعی سر راه پیشرفت مردمان کُرد معرفی شده و به تندی نقد شده‌اند. نویسندهٔ این مقاله قصد دارد از دیدگاه شاعران روشنفکر کُرد، نظری علمی به عرفان و تصوف در کردستان، به‌ویژه در دوران حاجی قادر و اندکی پس از آن بیندازد. این مقاله که با روش تحلیل محتوا، با بهره‌گیری از منابع کتابخانه‌ای به دنبال پاسخ این پرسش است که اسباب دشمنی و انتقاد تند شاعران روشنفکرِ کُرد نسبت به عرفا و متصوفهٔ کردستان، به‌ویژه تصوفی که از مسیر خود دچار انحراف شده، چه بوده است؟ نتیجهٔ پژوهش حاکی از آن است که بر مبنای دیدگاه شاعران روشنفکر و نیز رفتار و اخلاق کثیری از صوفیان، تنبلی، بیکاری، تمایلات نفسانی، جایگاه قدسی برای خود در نظر گرفتن، استثمار مردم، خود بزرگ بینی، ریا و دورویی و غیره در میان بسیاری از متصوّفه، عواملی شد که تا حدودی در جهالت مردم نقش داشتند و برخی موانع را در مسیر پیشرفت جامعهٔ کردی ایجاد کردند.

**واژگان کلیدی:** عرفان، تصوف، شعر، جامعهٔ کردی، شیخ

۱. مامۆستای زمان و ئەدەبی فارسی، زانکۆی ئازادی ئیسلامی، لقی سنە، سنە، ئێران.
jahmady52@yahoo.com

## ١- پێشەکی

دوای لەناوچوونی حکوومەتی ئایینی، پاش دەورانی حەزرەتی عەلی، گرفتگەلێکی زۆر هاتە پێشەوە. زانستە ئیسلامییەکان، کە لە سەردەمی پێغەمبەر و خولەفای ڕاشیدیندا لە یەکتر جودا نەبوون، بە سێ لقی سەرەکی جیا بوونەوە: «متکلمان»[1]، «فقها» و «عرفا». هەرکام لەم گرووپانە خۆیان بە حەق دەزانی و ئەوانی‌تریان وەبەر تانە و تەشەر دەدا. بەتایبەت «متکلمان»و «فقها»، بە زۆری عارفەکانیان بە ئەهلی «بیدعە» دەزانی و لایان وا بوو کە عارفەکان لە ڕێگەی ئیسلام لایان داوە. ئەگەرچی دوژمنیی زۆر لەگەڵ عارفەکاندا کرا، بەڵام هەر مانەوە و وەک «فقها» و «متکلمان»، کاری خۆیان دەکرد. کۆمەڵگای کورد کە زۆربەیان لە هەمان سەدەی یەکەمی کۆچیدا ئیسلامیان قبووڵ کرد، لە وڵاتە ئیسلامییەکانی تر جیا نەبوو. لە سەدەی سێزدەی کۆچیدا، مەولانا خالید و شێخ مارفی نۆدێی، توانیان دوو ڕێبازی «قادری و نەقشبەندی» لە کوردستاندا گەشە پێ بدەن؛ بەڵام هەر لە یەکەمین هەنگاوەکاندا، دژایەتیی نێوانیان بوو بە هۆی ئەوە مەولانا خالید لە زێدی خۆی (شاری سلێمانی) دوور بکەوێتەوە. هەڵبەت مەولانا خالید لە ماوەیەکی زۆر کەمدا توانی ئیمپراتوورییەک لە سەر ڕێبازی نەقشبەندی دروست بکات و لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکاندا شوێنکەوتووی ببێ. لە هەمان کاتدا هەر دوو ڕێبازەکە، بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن، کۆسپ و تەگەرەی زۆریان بۆ کۆمەڵگای کوردی دروست کرد؛ بەم بۆنەوە لە دوای نالی و بەتایبەت دوای حاجی قادر، عیرفان و سۆفیگەری بە یەکێ لەو بەرگرانە لە قەڵەم درا کە بەرگری لە پێشکەوتوویی کۆمەڵگای کورد دەکات.

بە پێی سەرچاوە سەرکییە متمانەپێکراوەکان، «عیرفان و سۆفیگەری» بە چەند شێوە پێناسە کراوە: برێک لایان وایە کە «عیرفان ئەو ڕێگەیە کە دەتوانێ مرۆڤ بەرەو ناسینی خودای گەورە ببات. ئەمانە کەسانێکن کە بە پێچەوانەی فەیلەسووفەکان و ئەهلی کەلام کە باوڕیان بە بەڵگە و بورهان هەیە، باوڕیان بە کەشف و زەوق (چێژ) و ئیشراق زۆرترە» (زرین‌کوب، ١٣٦٩: ٩). لە سەرچاوەیەکی تردا، گوتراوە: «عیرفان و سۆفیگەری ڕوانینێکی هونەرییە بە ئایین و ئایینزا» (شفیعی‌کدکنی، ١٣٩٢: ٧٨). ئەو پێناسەی زەڕین‌کووب دەی‌کات، بنەمایەکی زانستی و مێژووییە؛ بە وتەیەکی تر عارفەکان لە کتێبەکانیاندا خستوویانە بەرباس و شیان کردۆتەوە. لە ڕوانگەی زەڕین‌کووبدا «عیرفان و سۆفیگەری» بە شێوەیەک مرۆڤ بەرەو خوناسی دەبات کە لە ئاوەز و بەڵگە و هۆ بەرنایێت. هەروەها گەرچی لە بواری باوڕ و ڕاهێنانەوە، جیاوازییان زۆرە لە ئایین و ئایینزاکانی تردا، بەڵام ڕێگەی عیرفان ڕێگایەکە ئەتوانێ لەگەڵ هەموو جۆرە ئایینێکدا ڕێک بکەوێ. بە ڕای من، ئەو پێناسەی کە شەفیعی‌کەدکەنی کردوویەتی، ڕوانگەیەکی شێوازناسانە و زمانناسانەیە، واتە بە پێی دەقە عیرفانییەکان، عیرفانی پێناسە کردووە.

برێک لە ڕۆژهەڵاتناسەکان لایان وایە کە سۆفیگەری ئایینزا نییە و ناتوانین وەکوو ئایینزا چوارچێوەیەکی ڕۆشنی بۆ دابین بکەین. لە هەمان کاتدا بە دژواری بتوانین ئەو باوڕانەی کە عارفەکان هەیانە لە دوو تۆی کتێبێکدا بە ڕێک‌وپێکی دەری ببڕین. حافیز، شاعیری بە ناوبانگی فارس، دەڵێ:

بشوی اوراق اگر همدرس مایی　　　　که علم عشق در دفتر نباشد

(حافظ، ١٣٨٦: ١/٤٥٩)

بەڵام بە وتەی نیکلسۆن گەرچی ڕێک‌خستنی بیر و باوەڕی عارفەکان بە شێوەی ڕێک‌وپێک زۆر ئەستەمە، بەڵام ئەکرێ برێ لە بیر و باوەڕەکانیان، کە هەموویان باوڕیان پێیە، لە ژێر سەردێڕی بنەماکانی سۆفیگەری‌دا بنووسین (غنی، ٢٥٣٦: ٢). گرنگ ئەوەیە کە عیرفان و سۆفیگەری بە هەر پێناسەیەک قبووڵ بکرێت، سەدان ساڵە لە نێو موسڵماناندا باوە و زۆرێک لە خەڵکی موسڵمان شوێنکەوتووی ڕێبازە عیرفانییەکانن کە دانراوە؛ بەڵام بە درێژایی مێژوو، بەردەوام کەسانێک، چ لە نێو عارفەکاندا و چ لە دەرەوەی ئەوان، وەکوو «فقها» یان «متکلمان» لە ڕێبازی سۆفییەکان ڕەخنەیان گرتووە. ئەم فەقێ و موتەکەلیمانە ڕایان وا بووە کە عارفەکان لە ڕیگەی ڕێکی خودا و شەریعەت لایان داوە و تووشی «داهێنانی نوێ لە دیندا» هاتوون؛ بۆیە هێندێ جار بە کافر دانراون؛ بۆ نموونە ئیبنولحەزم ئەندلۆسی دەڵێ:

---

[1]. theologians

بیستوومانه لە زەمانەی ئێمەدا لە نەیشابوور پیاوێک سۆفی هەیە بە دووکونیەی «ابوسعید ابوالخیر» کە جلی پەشمی لە بەر دەکات و هێندێ جاریش جلی حەریر کە بۆ پیاوان حەرام کراوە. هێندێ ڕۆژ هەزار رکات نوێژ دەخوینێت و برێ وەختیش نە نوێژی «فەرز» دەخوێنی و نە نوێژی موستەحەب! ئەمە کوفری تەواوە. پەنا بە خوا لەم بەهەڵەدا چوونە (شفیعی‌کدکنی، ١٣٧٦: ١/٢٤).

تەنانەت لە نێو سۆفییەکانیشدا، کەسانێک هەبوون کە ڕەخنەیان لە عیرفان و سۆفیگەری گرتووە و ڕایان وا بووە کە هێندێ زۆر لە سۆفییەکان ڕاست ناکەن و ئەیانەوێ لە ڕێگای عیرفان و سۆفیگەرییەوە پلە و پێگایەکی بەرز لە نێو کۆمەڵگا بۆ خۆیان بەدەست بهێنن. ئەبولقاسم قوشەیری کە یەکێ لە گەورەترین عالمان و سۆفییان بووە و خاوەن دەیان بەرهەمی بەنرخ لە بواری عیرفان و هێندێ لە زانستەکانی تر بووە، لە پێشەکیی کتێبی *رساله قشیریه*دا دەڵێ:

بزانن، ڕەحمەتی خواتان لێ بێ، گەورەپیاوانی ئەم هۆزە، واتە «عورەفا» پێشتر ڕویشتن و ئەمڕۆ جگە لە ئاسەوارەکانیان شتێ نەماوەتەوە،

هەروەها شاعێر دەڵێ:

اما الخیام فانها کخیامهم و أری نساء الحی غیر نسائها

بە داخەوە وایە؛ لە ڕێبازی سۆفییەکاندا نە تەنیا وەستان ڕووی داوە، بەڵکوو ئەو ڕێبازە فەوتاوە و نەماوە. ئەو پیر و شێخانە کە بە حەقیقەت شوێن‌کەوتووی پێشینیان بوون ڕۆشتن و ئەمڕۆکە گەنجانێک زۆر کەم هەیە کەوتبێتنەتە دوای عارفە ڕاستەقینەکان. «ورع» و پارێزکاری لە دونیا ڕۆیشت و تەماح و هەڵپەهەڵپ لە دڵەکاندا تەنیوەتەوە و شەریعەت لە دڵدا ڕێزی نەماوە. دین وەلا نراوە و حەڵاڵ و حەرام تێکەڵاو بووە. بێڕێزی و بی‌شکۆیی بۆتە دین و ئایین بۆ خەڵک. بەندایەتیی خودا نەماوە. نوێژ و ڕۆژوو نرخی فەوتاوە. ئەسپیان لە گۆڕەپانی بێ‌ئاگاییدا تاو داوە و هەموو کەوتوونەتە شوێن هەوا و ویستی خۆیان. لە لایەکی ترەوە خەڵک بە جێگەی خودا، ڕوویان لە دەرگای ناخودایە. سەرەڕای هەمووی ئەمانە، پێیان وایە نیازیان بە عیبادەت و بەندایەتی نییە و ئەوان بە خودای خۆیان گەیشتوون و بەو ئامانجە کە ناویان ناوە «گەیشتن» حەساونەتەوە. هەر بەم بۆنەوە هەر کارێ بکەن، ئیزنیان هەیە و لە لای خودا هیچ تاوانبار نابن، پاداشتیانیش دەدرێن. لایان وایە پشتیان بە خودا بەستووە و هەموو ئەو کارانەی کە بە دەستی ئەوان دەکرێ، دەستکردی خودایە و بە هەموو ڕازە نهێنییەکانی خودا گەیشتوون و پاک و خاوێن بوونەتەوە و لە مرۆڤ بوون ڕۆشتوونەتە بانتر و بە فەنای خودا گەیشتوون (قوشەیری، ١٣٩١: ٥٢).

جا لە دواییدا قوشەیری دەڵێ: ئەمە ئەو ەڕی بێڕێزی بە ئایین و عیرفانە و وەلانانی ئەدەبە (هەمان سەچاوە). هەر بەم شێوەیە و لەم مانایەدا علی هجویری لە کتێبی *کشف المحجوب*دا دووپاتی دەکاتەوە و گلەیی و گازندەی خۆی دەردەبڕێ، بەتایبەت ئاماژە بەوە دەکات کە خەڵک بە ڕواڵەتی عیرفان و ئایین قەناعەتیان کردووە و ناواخن و ناوەڕۆکی عیرفان کە لە ڕاستیشدا مەبەست لە عیرفان هەر ئەو ناواخن و ناوەڕۆکەیە، وەلا نراوە (هجویری، ١٣٨٤: ١١). باش دەزانین کە لە کتێبە عیرفانییەکانی تردا بەزۆری باس لە سۆفییە درۆزنەکان و ئەوانەی کراوە کە ئەیانەوێ لە ڕێگەی سۆفیگەرییەوە بە پلەی بەرزی نێو کومەڵگا بگەیەن؛ بۆ نموونە دەتوانین ئاوڕێک بدەینە سەر *مثنویی* مولانا کە بە جوانی باسی سۆفییە فریوکارەکان و ناڕاستەکان دەکا. مەولەوی لە چیرۆکی ئەو سۆفیانە کە کەری یەکێ لە ڕەفیقەکەیان بۆ ژەمەن فرۆشت بوو دەڵێ:

دیر یابد صوفی آز از روزگار زان سبب صوفی بود بسیارخوار
جز مگر آن صوفیی کز نور حق سیر خورد او فارغ است از ننگ دق
از هزاران اندکی زین صوفی‌اند باقیان، در دولت او فی زیند
(مولوی، ١٣٨٥: ٢٠٢)

مەولەوی باوەڕی وایە کە سۆفیی ڕاستەقینە ئەو سۆفییەیە کە بە شوێن سەفای دڵیدا بڕوات؛ جلوبەرگی سەوف و خیرقە و ڕواڵەت شەرت نییە:

هست صوفی آنکه شد صفوت طلب     نەاز لباس صـوف و خیاطی و دب

(همان: ٧٣٧)

ئەوەی کە لە شیعری کلاسیکی فارسی و کوردیدا وەکوو ڕەخنە لە سۆفی و شێخ و زاهید و واعیز گیراوە، زۆرتر بە مەبەستی دژایەتی لەگەڵ ڕیا بووە؛ بە تایبەت لە شیعری حافیز و شوینکەوتوانی حافیز لە شیعری کوردیدا. هەروەها ڕیا یەکێک لە گرینگترین ئافەتەکان لە دەقە عیرفانییەکاندایە، بەتایبەت لە *مثنوی* مولانادا. بە هەمان شێوە لە دەقە پێشووەکانیشدا بە جۆرگەلێکی تر، وەکوو لادان لە ڕێگە ریکوپێکەکەی خواناسان و عارفانی ڕاستەقینە پیشان دراوە. ئەوەی کە بەتایبەت لە دوای حاجی قادری کۆییەوە سەبارەت بە عیرفان و سۆفی وتراوە، زۆر جیاوازە لەو ڕوانینە کە پێش حاجی قادر بۆ عیرفان و سۆفیگەری هەستی پێ کراوە. توێژەر لەم توێژینەوەیەدا کە بە شێوازی شیکاریی ناواخنانە نووسراوە، دەیەوێ بە کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوە شیعرییەکان، بەتایبەت حاجی قادر و دوای ئەو، باس لەو ڕەخنانەی بکات کە لە عیرفان و سۆفیگەری گیراوە، واتە عیرفان و سۆفیگەری لە حاجی قادر بەم لاوە لە شیعری کوردیدا ئەو پلە و پایە بەنرخەی نەما و بە بۆنەی چەند هۆکارەوە کە دوایی باسی لە سەر دەکەین، کەوتە بەر تانە و توانج و تەشەر.

## ٢- پاشخانی توێژینەوەکە

ئەگەر ئەو کارانە وا عارفەکان و زانایانی پێشوو لەبارەی عیرفانەوە کردوویانە وەلا بنین، لە زمان و وێژەی فارسیدا سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی عیرفان و سۆفیگەری، یان دەرخستنی هەڵە و بەلاڕێدا چوومیان، کارگەلێک کراوە؛ بۆ نموونە عەبدولحسێن زەڕینکووب لە کتێبی *ارزش میراث صوفیە*دا لە بەشێکدا تەواوی بە تێروتەسەلی لەبارەی هەڵسەنگاندنی عیرفان و سۆفیگەرییەوە باسی کردووە و توانیویە هێندێ لایەنی جۆربەجۆری چاکی و خراپی ئەو ڕێبازانە وەدەر بخات. حسێن ڕەزمجوویش لە یەکێ لە کتێبەکانیدا بە نێو *شعر کهن فارسی در ترازوی نقد اخلاق اسلامی* کە بە گشتی قسە لە شیعری کلاسیکی فارسی دەکا، لەم بابەتە کۆڵیوەتەوە و باسی لە سەر کردووە. والتر ئێستیس لە کتێبی *عرفان و فلسفە* بە شێوەیەکی زانستیانە، بەڵام زۆر بەکورتی، لە هێندێ شوێن لە کتێبەکەیدا، بە شێوەی پرژوبڵاو، باسی لەم بابەتە کردووە. بەڵام لە زمان و وێژەی کوردیدا، گەرچی چەند کتێبمان لەبارەی عیرفان و سۆفیگەرییەوە هەیە و هێندێ لە زانایان لەم بوارەدا عیرفانیان خستۆتە بەر توێژینەوە و توانیویانە مێژووی ڕێبازە عیرفانییەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا باس بکەن، بەڵام ئاماژەیان نەکردووە بە هەڵەی عارفەکان و شوێنکەوتوانیان. بۆ بەڵگە ئیبراهیم ئەحمەد شوان لە کتێبی *سۆفیگەری (شیعری ئایینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا)* کە بە درێژی باس لە سەر سۆفیگەری دەکا، بەتایبەت لە ڕوانگەی مەحوییەوە، بە هیچ شێوەیەک ڕەخنە لە سۆفیگەری ناگرێت؛ بۆیە ئەم توێژینەوەیە لە وێژەی کوردیدا، ڕەنگە دەسپێکێک بێت بۆ ئەم بابەتە.

## ٣- لێکۆڵینەوەی باسەکە

### ٣-١- شیعری کلاسیکی کوردی و ڕەخنە لە سۆفیگەری

ئەو ڕەخنانەی لە نێو هێندێ لە کتێبە عیرفانییەکاندا هەیە و خۆیان ڕەخنەیان لە خۆیان گرتووە، بەردەوام تا ئەم ساڵانەش هەر بینراوە؛ بۆ نموونە مەلا ئەبووبەکر موسەنیف چۆڕی کە یەکێ لە کەسایەتییە ناودارەکانی کورد بووە و لە سەدەی دەهەمدا ژیاوە و ناوبانگی لە بواری زانستە ئیسلامییەکان و عیرفاندا بە زۆری لە هەموو جێگایەکدا بڵاو بووەتەوە، لە پیشەکی کتێبی *سراج الطریق*دا لە باسی هۆی نووسینی کتێبەکە دەڵێ: چونکە لە ساڵی ٩٨٤ی کۆچی، مرۆڤەکان لە ئەحواڵی سۆفییە ڕاستەقینەکان دوور کەوتبوونەوە و تووشی بێئاگایی هاتبوون، من ئەم کتێبەم دانا کە لە ڕێگای ئەم کتێبەوە، عیرفانی

ڕاستەقینە پیشان بدەم (مصنف چوری، ۱۳۷۸: ۱۲). ئەم جۆرە بۆچوونانە بەفراوانی لە شیعری کوردیشدا هاتووە؛ بەڵام زۆرینەی ڕەخنە لە عیرفان و سۆفیگەری لە شیعری کەسانێکی وەک نالی و مەحویدا، ڕەنگ و بۆنی حافیزانەی هەیە و وەک حافیز بۆی دەچن؛ بۆ نموونە حافیز دەڵێ:

زاهد ار راه به رندی نبرد معذور است عشق کاری است که موقوف هدایت باشد

(حافظ، ۱۳۸۶: ۱/ ٤٥۱)

لە ڕوانگەکی حافیزەوە زوهدی زێدەگاڤی ئەبێتە هۆی ئەوە کە مرۆڤ بەرەو ڕیا و دووڕوویی بڕوا. مەحویش دەڵێت:

واعیز لە ڕەندی مەیکەدە دەگرێ کە «اعتراض» رازی نییە بە سەرنویشتی ئەزەل «انني لراض»

بەو تاعەتە کە بۆ ئەم و ئەویە، بەهەشتی ویست زاهید ئومێدەوارە بە ئەجری ڕیا «ریاض»

(محوی، ۱۳۸۹: ۲۰۲)

لە شیعرێکی تردا مەحوی ڕوو لە شێخ و واعیز و سۆفی دەکا و بە زمانی تانە و تەشەر و تەنزەوە دەڵێ:

کە شێخ و واعیز و سۆفی بە جەننەت بەن گەد و گیپاڵ دەبێ ئەمسالی ئیمە بۆ جەهەننەم بەن سڕ و سیپاڵ

(پێشوو: ٢٤٤)

نالی لە دیوانەکەیدا بە توندی بە گژی ئەو کەسانەی ئەڕوات کە ریاکار و دووڕوون و خۆیان بە ڕیش و پرچ دڵخۆش کردووە. لەم بەیتەی خوارەوە بە ڕاشکاوی سۆفی بە ریاکار دەزانێ:

«نالی» کە ویقاری نییە، بێباکە لە خەڵقی سۆفی کە سلووکێکی هەیە، عوجب و ریایە

(نالی، ۱۳۸۷: ۵۷۰)

لە بەیتێکی تردا دەڵێ:

ریشەکەی پان و درێژە، بۆ ریا خزمەت دەکا زاهیرە هەر کەس بە توول و عەرزی ریشیدا، ریا

(پێشوو: ۱۲۵)

نالی لە یەکێ لە شیعرەکانیدا زۆر بە توندی ڕەخنە لە شێخ و سۆفی دەگرێ و بە شوینکەوتووی هەوا و هەوەسیان دادەنێ. لە لایەکی تریشەوە، حەڵقەی زیکری شێخ بە ڕەشبەڵەک، کە لای هێندێ لە موسڵمانانەوە یەکێ لە گوناهە گەورەکانە، دەزانێ:

بنواڕە وشکەسۆفی و ڕەقسی بە هەلهەلە دیسان لە بەحری وشکی هەوادا کەوتە پێ مەلە

ئەم ئەرزە مەزرەعەی عەمەلە و گوڵخەنی ئەمەل هەندێ بووە بە مەسجید و هەندێ بە مەزبەلە

شێخم، چ گەرمە حەڵقەیی زیکرت بە ڕەشبەڵەک حاڵی ئەمانە خۆ بە جەنابت موحەووەلە

دائیم لە دووتە مێگەلی ژن، نێرگەلی پیاو بەم ریشەوە لە پێشەوە بووگی بە سەرگەلە

(پێشوو: ٤٧٥)

### ۳-۲- سۆفیگەری و ڕەخنەی شاعیرانی ڕووناکبیر

پاش ڕێنێسانس لە سەدەی پانزەهەمی زایینیدا، بەرەبەرە ڕابوونی گشتی، بەتایبەت لە ئەورووپادا، بەدیهات. لە بواری ئایینیشەوە، کەلیساکان ئەو دەسەڵاتەیان بە سەر خەڵکدا نەما، کە پێشتر بەتەواوی بە سەر هەموو چینەکاندا زاڵ بوون و هەر کارێ بیانویستایە دەیانکرد. ئایینێکی تازە پەیدا بوو بە نێو پرۆتستان کە توانی بەرپەرچی کاتولیکەکان و ئەو نیزامە کە لە کەلیساکاندا حوکمیان دەکرد، بداتەوە و جەماوەرێکی زۆر لە خەڵک بە شوێن خۆیدا بکێشێ. ئەو ڕابوونە کە لە ئەورووپا بەدیهات، زۆر زوو توانی لە سەر فەلسەفە، ئەدەبیات و زۆریکی تر لە زانستەکان کاریگەری دابنێت و ببێتە هۆی بەدیهاتنی ڕوانگەگەلێکی نوێ لە ئەدەبدا و قوتابخانەگەلێک وەکوو «کلاسیسیزم»، «ڕۆمانتیسیزم»، «ریئالیزم»و «سەمبۆلیزم» و

هتد سەرهەڵبدەن. ئەم قوتابخانانە هەرکامیان بە بنەماگەلێکی فەلسەفییەوە توانیان شێوازە جۆربەجۆرەکانی وێژەیی بەدی‌بێنن؛ بۆ نموونە قوتابخانەی کلاسیسیزم لە بواری چەمک و شێوازناسییەوە لەگەڵ ڕۆمانتیسیزم و ئەویش لەگەڵ ڕێئالیزم و هەروەها قوتابخانەکانی تر جیاوازی ببێت. شۆڕشی پیشەسازی و ڕوشنبیری کە دوای ڕینێسانس سەری‌هەڵدا، بە شێوەیەکی تر بوو بە هۆی ڕابوونی خەڵک و توانی تا ڕادەیەکی زۆر مرۆڤ پێشکەوتوو بکات (بڕوانە: حسینی، ١٣٨٧: ٧-١٤). ئەم شۆڕشە هزرییانەی ئەورووپا، بەرەبەرە توانی تیشکی خۆی بخاتە سەر کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵات، بەتایبەت هەر وڵاتێک کە بە ئەورووپاوەوە نزیکتر بوو، زۆرتر و زوورتر توانی پێوەندی بگرێت و هەنگاوی پێشکەوتوویی هەڵگرێ. لە نێو وڵاتە ئیسلامییەکاندا، میسر و دەوڵەتی عوسمانی پێش ئەوانی تر کەوتن. دەوڵەتی عوسمانی توانی پێش‌کەوێ و لە هەموو بوارێکدا بڕواتە پێشەوە. بەم بۆنەوە ئەو کەسانەی کە هاتوچووی ئاستانەیان دەکرد، لەگەڵ ئەو بیر و هزرە نوێیانە ڕووبەڕوو دەبوونەوە و لە سەریان کاریگەری دادەنا. ئەو کاتە بارودۆخی وڵاتە ئیسلامییەکان لە باری ئایینییەوە زیاتر وەکوو ئەورووپای پێش ڕابوون بوو. موسڵمانان لە خەوی نائاگایی‌دا بوون و کەسانێ بە نێو ئاغا و شێخ و بەگ و مەلا، زۆر بە ئاسانی دەیانتوانی خەڵک بچەوسێننەوە و فریویان بدەن. کۆمەڵگای کوردەواریش بە هەمان شێوە و هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ وڵاتە ئیسلامییەکاندا نەبوو. سەرەڕای ئەمانە، ئەو کەسانەی دەڕۆیشتن بۆ میسر، یان ئاستانە، ئاشنایەتیی باشیان لەگەڵ بیرە پێشکەوتووکاندا پەیدا دەکرد و لە باری هزرییەوە دەگۆڕدرانێ بۆ نموونە عالم و شاعیری لێ هاتوو، مەلا حەسەن دزڵی (١٢٧٥-١٣٦٥) بۆ ماوەی یانزە ساڵ کە لە میسر دەخوێنێ، ئەبێتە هۆی گۆڕینی بیر و هزری؛ بۆیە کە دەگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی، چونکە لە باری بیر و هزرەوە ئاڵ‌وگۆڕی بە سەردا هاتبوو، لای مەلا و شێخەکان ئازار دەبینێ. مەلا حەسەن لە خوتبەی نوێژی جومعەی خورماڵدا، زۆر ڕاشکاوانە دەڵێ: «بۆ ئیوە قسە ئەکەم، گوێ بگرن! ڕەنگە برێک بە کافر و بێ دین دەرم‌کەن» (دزڵی مەردۆخی، ١٣٩١: ١٣٦). پاشان ڕەخنەیەکی توند ئەخاتە سەر ئەوانەی کە بە نێو عیرفان و سۆفیگەرییەوە خەڵک فریو دەدەن (هەمان سەرچاوە).

حاجی قادریش (١٢٤٦-١٣٢٣ک) یەکێ لەو کەسایەتییە بەرچاوانەیە کە هەر لە سەردەمی فەقێیەتیدا بیر و ڕوانگەیەکی ڕووناکبیرانەی هەبوو و لەگەڵ مەلا و فەقێیانی تر جیاواز بوو. کاتێ دەبینێ خەڵکی هەژار، لە بەرانبەری شێخ و سۆفییە ناڕاستەکانەوە کۆڵیان داوە و دەسمایەی خۆیان کە بە ڕەنجی سەرشانیان وەدەستیان هێناوە، بە نێوی جۆربەجۆر ئاراستەی دەستی شێخ و مەلاکان دەکەن، هەوڵی بێ‌وچان و ماندوویی‌نەناسانە بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵک دەستپێ‌دەکا. بەڵام حاجی تەنیا خۆی کارێکی پێ ناکرێ و نە تەنیا شێخە دووکاندارەکان، بەڵکوو خەڵکی هەژاریش لە دژی حاجیدا وێستان و بەناچار کۆیەی بەجێ‌هێشت و ڕووی لە ئەستەنبۆڵ کرد. حاجی لە ئەستەنبۆڵدا زۆرتر و بەردەوامتر لە سەر بیری خۆی ڕۆیشت و بە هۆی ئاشنایەتی لەگەڵ ڕوانگە نوێیەکانی ئەوێدا، ئەو بیرەی خۆی، ئەگەر کرچ و کاڵیش بووبێت، ڕاگەیاند (احمدی، ١٣٩٥: ٤٩٧). پرسیاری سەرەکی ئەوەیە حاجی و تاقمێ لەو شاعیر و ڕووناکبیرانە بۆچی لە دژی عیرفان و سۆفیگەری‌دا وێستان؟ ئایا ئەو جۆرە بیرەی ئەوانیان بە نیشانەی دواکەوتوویی کۆمەڵی کوردەواری دەزانی؟ نووسەری ئەم دێڕانە لای وایە عیرفان و سۆفیگەری لە کوردەواریدا لە ڕێگەی خۆی بە جۆرێ ترازا بوو کە ئەو ئەرکەی لە سەر شانی بوو، بە دروستی بۆیان جێبەجێ نەدەبوو. ئەوان پێیان وا بوو کە خەڵک دەبێ لە خزمەت شێخەکاندا بن و ئەمانیش، وەکوو ئاغا، قاچ لە سەر قاچ بنێن و پلە و پێگایەکی پیرۆز بۆ خۆیان دابین بکەن؛ بۆیە زۆربەی شێخەکانی ئەو سەردەمە، دژی خوێندەواریی جەماوەر بوون و ئەیانزانی ئەگەر خەڵک خوێندەوار بن، بە قسەی ئەمان ناکەن. ڕەخنە لە عیرفان و سۆفیگەری تەنیا لە لای حاجی قادر نەبوو، بەڵکوو زۆرێ تر لە شاعیرانی ڕووناکبیریش بە هەمان شێوە ڕەخنەی توندیان ئاراستەی ئەوان دەکرد. جا بزانین بۆچی؟

### ۳-۲-۱- گۆشەگیری

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی عیرفان و سۆفیگەری لە درێژایی مێژوودا ئەوە بووە کە ویستوویانە لە کۆمەڵگا دووری بکەن و هیچ ئەرک و بەرپرسایەتییەک بە ئەستۆ نەگرن؛ بۆیە هەوڵیان داوە لە ئیش و چالاکییەکانی نێو کومەڵگا بەشداری نەکەن و بەم پاساوەی کە خۆیان خاوێن (تزکیه) دەکەنەوە، ترنجاونە کون و قوژبنێک. لە بیریان نەماوە کە پێغەمبەر لە نێو کومەڵگادا بوو و لە هیچ کارێکی نێو کومەڵگا دووری نەدەکرد. لە لایەکی ترەوە هێندێ لە شێخەکان پەنایان بۆ نووشتە و دوعا دەبرد و لایان وابوو دەتوانن بەم کارانە بەرانبەری نەیار و هەر شتێ بیانهەوێ بە سەریدا زاڵ بن، سەر دەکەون. حاجی دەڵێ:

ناکرێ بەم های و هوویە دەفعی ڕووس        هەروەکوو شێخی بوخارا و ئەندەلووس
میسلی ئێوە پاڵیان دا بە دوعا        ئاخری کافر بە ڕیشیاندا ڕیا
پشتیان دا هیممەت و شەیخووخەتی        تا فەرانسە پاکی کردە میللەتی
(حاجی قادر، ۲۷۰۷: ۱۷۱)

پاشان حاجی بەراوردێک لە نێوان پێغەمبەر و شێخەکاندا دەکا و دەڵێ: بۆچی پێغەمبەر موعجیزە و کەشف و کەرامات و دوعای نەبوو؟ بەڵام لە مەیدانی شەڕدا لەگەڵ کافرەکاندا شەڕی دەکرد و برینداریش دەبوو. بەڵام ئەمڕۆ خیرقە و سیواک و سەبحە و تەیلەسان، پابەندی جیهادی غازییەکانە. حاجی لێرەدا پرسیارێکیان ئاراستە دەکا و ئەڵێ: ئەو هەموو خەڵوەکێشان و چلە، قازانجی چی بوو؟ لە حاڵێکدا بۆ شتێکی زۆر بێبایەخ لەگەڵ یەکدا شەڕ دەکەن:

موعجیزە و کەشف و کەرامات و دۆعا        بۆچی نەیبوو فەخری عالەم موستەفا
سەبحە و مسواک و خەرقە و تەیلەسان        بوونە پابەندی جیهادی غازییان
ئەم هەموو شەهبازە بوونە کوندەبوو        خەڵوەکێشان و چلە، سوودی چ بوو؟
(پێشوو)

### ۳-۲-۲- ڕیا

یەکێک لەو شتانەی وەکوو ئافەت و تەشە لە نێو عیرفان و سۆفیگەریدا بووە و لە لایەن ڕەخنەگرانەوە ڕەخنەی لێ گیراوە، ڕیایە. هەڵبەت با ئەوەش بڵێین کە بەپێی وتەی زانای ناودار، ئیمام غەزالی سەبارەت بە ڕیاوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ڕیا چەمکێکی ئایینییە و پێوەندیی بە کۆمەڵگای ئایینییەوە هەیە؛ بۆ نموونە غەزالی دەڵێ: بە چەندین جۆر ڕیا دەکرێ، یەکێ لەوانە ڕیا بە عیبادەت و بەندایەتییە کە ئەمەیان بەلای سۆفییەکانەوە زۆرە (غزالی، ۱۳۶۸: ۲۱۲/۲). ڕیا و دووڕوویی تا ڕادەیکی زۆر لە کۆمەڵگای ئایینیدا دەبینرێ؛ بۆیە هێندێ لە سۆفییەکان، مەلامەتی‌یان داهێنا و ویستیان خۆیان لە نێو خەڵکدا بدەنە بەر تانە و خوسن تا لەو ڕێگایەوە لە ڕیا و تەشەی ڕیا دوور ببنەوە. شاعیرێکی گەورە وەکوو حافیز، ئەگەر ئەوەندە زۆر سەبارەت بە ڕیا و دووڕوویی باس دەکا، دەیهەوێت ئەم نەخۆشییە وەکوو یەکێک لە سەرەکی‌ترین نەخۆشییە بنەڕەتییەکانی ئایین، بەتایبەت ئایینی ئیسلام دابنێ؛ کاتێ ئەڵێ:

گرچه بر واعظ شهر این سخن آسان نشود        تا ریا ورزد و سالوس مسلمان نشود
رندی آموز و کرم کن، که نه چندان هنر است        حیوانی که ننوشد می و انسان نشود
(حافظ، ۱۳۸٦: ٦۰۵/۱)

مەبەستی ئەویە کە ڕیا ئەوەندە گوناهـ و تاوانێکی گەورەیە، مرۆڤ لە موسڵمانی دەخات. بەم بۆنەوەیە کە حافیز، ڕاشکاوانە لە بارەی گوناهەوە ئەڵێ: کاتێ باوکی ئینسان، واتە ئادەم، گوناهی کرد، شایانی نییە ئێمە خۆ هەڵکێشین و خۆمان بە گونابار نەزانین:

جایی که برق عصیان بر آدم صفی زد        ما را چگونه زیبد دعوی بیگناهی
(همان: ۱۲۳٤/۲)

هەروا کە ئاماژەی پێ کرا، حافیز یەکێک لەو عارفە ڕووناکبیرە گەورەکانی ئیسلامە کە سەبارەت بە ڕیاوە زۆرترین باسی کردووە و خۆیشی بۆ ئەوە لە ڕیا دوور بپێتەوە وەکوو «مەلامەتییەکان ژیانی بردۆتە سەر». (خرمشاهی، ١٣٨٤: ٢٣٨). لە بەیتێکدا دەڵێ:

وفا کنیم و ملامت کشیم و خوش باشیم          کە در طریقت ما کافریست رنجیدن

(حافظ، ١٣٨٦: ١٠٠٦/٢)

سەرەکی‌ترین خاڵە، بەتایبەت ئەوەی لە نێو شیعری شاعیرەکاندا دەرکەوتووە و زەقە، ڕیا و دووروویی تاقمێک لە شێخ و ئەهلی تەکیە و خانەقایە. کاتێ ڕیا و درۆ لە کۆمەڵگا باو ببێت، هەموو بنەما ئەخلاقییەکان دائەبەزێ و خاپوور دەبێ و ئەو پێداویستییانە کە بۆ پێشڤەچوونی گەل پێویستە لەناو دەچێ. دەوڵەتی عوسمانی لە کاتی خۆیدا، زۆر هەوڵی دا خەڵکی کورد لە بواری هزر و بیرۆکەوە بمرن؛ بۆیە بەزۆری یارمەتیی شێخەکانی دەدا بۆ ئەوەی تەکیە و خانەقا دروست بکەن. تا ڕادەیێکی زۆریش لەم کارەدا سەرکەوت. حەمەی مەلا کەریم دەڵێت:

> عوسمانییەکان، سوودیان لەوەدا بوو کە گەلی کورد تەنها بۆ ڕەنجدان بۆ ئەوان، بە لەش زیندوو بێ، ئەگینا مێشک و بیری ئەبێ بمرێ. تەکیە و خانەقاکانی عوسمانییەکان کە بە هەزاران لیرەی، گەنجینەی خەلافەتیان تیا بەخت ئەکرا، ئاخری کاری خۆیانیان کرد و گیانی خەڵکیان مراند .... جا هەر کەس لە کوردەواریدا بیرێکی تیژ و هەڵکەوتووی بوایە، یەکەم جار چاوی لە سەر کردەوەی نالەباری شێخەکان ئەکردەوە. حاجی قادریش یەکێ بوو لەوانە کە لەم مەسەلەیە گەیشتبوو و بۆی دەرکەوتبوو کە تەکیە و خانەقاکان بۆ خوا نین و شێخەکان زۆربەیان خوا پەرستی ڕاستەقینە نین و هێنانەکایەی ناوی خوا و ئایین پەرستی لە دیمەنێکی جوان بەولاوە نییە کە لە پشتییەوە هەر ڕۆژێ چەند تاوانی قورس ئەکرێ (حەمەی مەلاکەریم، ٢٠٠٨: ٦٦).

حاجی قادر لەم بارەوە ئەڵێ:

موشکلی تەکیە و خانەقاهی شێخەکان          واقیعەن ڕەنگینە ئەمما بۆ رییان

لەم هەموو شێخ و موریدانەی ڕیا          فەردەکی ناچێتە مزگەوتی خودا

(حاجی قادر، ٢٠٧٠٧: ١٧٠)

حاجی لەم شیعرەدا ڕوونی دەکاتەوە کە خەڵک بە جێگەی ئەوە بۆ بەجێ‌هێنانی بەندایەتیی خودا، بۆ مزگەوت بڕۆن، بەرەو تەکیە و خانەقا دەڕۆن. مزگەوتەکان بەتایبەت لەو سەردەمەدا وەکوو قوتابخانەی ئەمڕۆ جێگای بڵاوکردنەوەی زانست و زانستە ئیسلامییەکان بوون. حاجی پاشان دەڵێ:

مەسجید و میحراب و مینبەر بێ‌کەسە          هەر مەپرسە حاڵی چۆنە مەدرەسە

شەێخەنا گەر ئەم قسەت نایێتە گوێ          سەیری، وا چۆڵە، کەری تێدا ...

(پێشوو: ١٧٠)

سابیری (١٢٦١-١٣٢٣)، یەکێک لە شاعیرە کلاسیکەکانی کوردە کە خۆی سەر بە ڕێبازی دەروێشی قادری بووە. لە شیعرێکدا ڕەخنە لەوانە دەگرێ کە پێیان وایە دەروێشی، بە پرچ و ڕیش و تەسبیحە:

بە ڕیش و پرچ و تەسبیحت تەواوی          نەمازت ناتەواوە ئەی کوڕی خاڵ

ئەگەر مەردی لیباسی زوهدە بەرگت          لە بۆ ژن چاکە سوورمە و خامەکی تاڵ

... لیباسی زوهد و تەقوا بێنە مەیدان          مەئاڵێنە لە خۆت بەرگی شڕ و شاڵ

(سابیری، ١٣٩٧: ٧٧)

سابیری لەم دێڕانەدا، ریش و پرچ و تەسبیحی شێخ و دەروێشەکان بە ڕیا دەزانێ. هەروەها ئەو جلوبەرگەیانە وەکوو خیرقە و پەسەک و تەیلەسان، بە ڕیا ناو دەبات و ئەوان هان دەدا جلوبەرگی زوهد و پارێزگاری لەبەر کەن. لە شیعرێکی تردا، سابیری لە خەودا دەبینێ کە شەرع و دین دەگریان. ئەمیش هاودەنگیان دەبێ و دەگری. جا دوای گریان و شیوەنەکە لە شەرع و دین دەپرسێ: بۆ دەگرین؟ لە وەڵامدا دەڵێن:

برادەر تەعزیەی شێخ و مەلایە		لە دنیادا نەما شوێن و ئەسەریان
کە ئەهلی دین نەماوە ئەهلی دنیا		هەموو دوورن لە ئەمری پێغەمەریان
... ئیتر بێ حورمەتی شێخ و مەلایە		خووسەسەن عالم و مێژەر لە سەریان
... کە گوتیان ماتەمی شێخ و مەلایە		هەتیو ماوین و بێ خاوەن و عوریان
ئەوانە کوڵەکە و فانووسی دین بوون		لە دنیادا نەما شوێن و ئەسەریان
(پێشوو: ۷۸)

**۳-۲-۳- تەمبەڵی، تەوەزەلی و چەوساندنەوەی خەڵک**

هێندێ لە شێخەکان، خەڵکیان ئەخستە شوێن خۆیان و خەڵکی بیچارە دەسیان لە کار و کاسبی بۆ ژن و منداڵ بەردەدا و بە دوای شێخدا دێهات بە دێهات دەڕۆیشتن و فێری تەمبەڵی و بێکاری دەبوون؛ یان ئەگەریش خەڵک شتێکیان هەبوایە، لە ژن و منداڵ و دەمی ئەوانیان ئەگرتەوە و بە پێشکەشی ئەیانبرد بۆ خزمەتی شێخ. ئەمە لە لایەکەوە بووە هۆی چەوسانەوەی خەڵکی هەژار و لە لایەکی تریشەوە بووە هۆی تەمبەڵی و تەوەزەلی چینێکی دیکە. حاجی قادر لە شیعرێکدا دەڵێ: ئەو کاتەی کە گەنج بووم، شێخ دەیگوت: دەستت دەگرم. لەو کاتەدا نەمدەزانی واتای چییە؟ بەڵام ئێستا کە گەورەم، باشم حاڵی بوو کە مەبەستی شێخ ئەوە بوو کە دەستی من لە کەسب و کار و فێربوونی سەوادا دەگرێ:

کە دەیگوت شێخی من، من دەستگیرم		لە لام وا بوو لە بەر جەهل و جوانی
کە پیر بووم تێگەیشتم دەستی گرتم		لە کەسب و کار و تەحسیلی مەعانی
بەڵێ شێخ قوتبە ئەمما قوتبی ئاشە		بە ئاو و نیعمەتی خەڵقە، گەڕانی
(حاجی قادر، ۲۷۰۷: ۱۴۹)

حاجی لە شیعرێکی تردا پەنجە لە سەری دادەنێ و ڕاشکاوانە دەڵێ: خانەقا و شێخ و تەکیەکان هیچ قازانجێکیان نییە بێجگە تەمبەڵی نەبێت. لە لایەکی تریشەوە داهاتی خەڵکی هەژاریشیان لێ دەسێنن و دەیخەنە سەر مڵک و ماڵی خۆیان. جا ئامۆژگاریی خەڵک دەکا و هانیان دەدا کە هیچ کەسێ ناتوانێ ڕزقی کەسێکی تر بدا؛ بۆیە «دەخیلی شێخ و مێخ مەبن»:

خانەقا و شێخ و تەکیەکان یەکسەر		پێم بلێن نەفعیان چییە ئاخەر
غەیری تەعلیمی تەنبەڵی کردن		جەمعی ئەملاک و خەزنە کۆ کردن
...دەخیلی شێخ و مێخ مەبن ئەبەدا		هیچ کەسێ رزقی هیچ کەسێ نادا
(پێشوو: ١٦٤)

**۳-۲-٤. زانست و پیشەسازی**

لە ڕوانگەی حاجی قادرەوە یەکێک لەو بابەتە سەرەکییانەی بۆتە هۆی دواکەوتوویی کۆمەڵگای کورد، ئەم جۆرە بیرەیە کە خەڵک بە شوێن زانست و پیشەسازیدا نەبن. جا هێندێ شێخەکان لە نێو خەڵکدا ئەم بیرەیان بڵاو کردووتەوە؛ بەڵام چونکە ئەورووپای پێشکەوتوو ئەم بەڵایانەیان نەبوو، یان نەما، سەرکەوتن و توانیان لە عیلم و زانست و سەنعەت و پیشەسازیدا بگەیێنە ئیعجاز:

ئەی خەریکی ڕمووز و ناز و نیاز ئەورووپا فەننی گەییوەتە ئیعجاز
قوللەیی ئیفلی لە ئەفلاکە عەکسی ئەو گەردشی لە ژێر خاکە
(پێشوو: ١٦٥)

پاش ئەمە، ئامۆژگاریی خەڵک دەکا کە وەرن فێری زانست ببن تاکوو کۆمەڵگای کورد وەکوو کۆمەڵگایە پێشکەوتووەکان پێش بکەوێ؛ بۆیەش پەنا بە حەدیسی پێغەمبەر دەبا کە فەرموویەتی: «اطلبوا العلم ولو بالصین»:

بۆچی فەرموویەتی نەبیی ئەمین: اطلبوا العلم ولو بالصین
...تۆ وەرە فەننێ فێر بە چیتە لەوە گاورە، هێندووە وە یا خۆ جووە
(پێشوو: ١٦٥)

جا دێتەوە سەر باسەکەی خۆی و ئەڵێ نابێ ئەو جۆرە وا شێخەکان ئەیانهەوێ، ئێوە تەمبەڵی بکەن. ئەوانە وا دەڕۆنە بەهەشتی خودا، خاوەنی فەنن و عیلم و عیرفانن:

تەنبەڵی، کاری حیز و بێ خێرە «دەستی ماندوو، لە سەر زگی تێرە»
ئەهلی جەننەت، نە شوان و گاوانە ساحیبی فەن و عیلم و عیرفانە
(پێشوو: ١٦٦)

هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە سۆفییەکان لەو زانستەی لە فێرگەکاندا دەخوێندرا، بێزار بوون. هۆکارەکەشی دەتوانێت ئەمە بووبێت کە لە سەرەتای سەرهەڵدانی عیرفان و سۆفیگەرییەوە، فەقێکان و زانایانی کەلام بەردەوام ئەوانیان دەدا بەر تانە و تەشەر و لە زۆربەی کاتیشدا، عاریفەکانیان بە ئەهلی بیدعە و تا ڕادەیەکیش بە کافر دەزانی. عاریفەکانیش لە دژی ئەواندا دوو کاری گرینگیان دەکرد: لە لایەکەوە بەرپەرچی ئەو بڕیارەی (حکم) فەقێیەکان و زانایانی کەلامیان دەداوە و ئەوانیان بە ڕواڵەتپەرەست دەژمارد، لە لایەکی تریشەوە زانایانی کەلام، بەتایبەت «موعتەزیلە»یان هاوتەریبی فەیلەسووفەکان دادەنا و ئەو بڕیارەیان لە سەریاندا دەدا کە لە فەیلەسووفەکانیان دەدا. بەڵام عاریفەکان تەنیا بە ئەمە دڵخۆش نەبوون و هێندێ جاریش لەگەڵ ئەو دوو دەستەکەی تردا دەسازان. بەم بۆنەوە لەو کتێبانەی عاریفان دەیاننووسی، باسی کەلامیشیان تێدا دەکرد، بەتایبەت بابەتە کەلامییەکانیان لە زمانی عارفەکانەوە دەگێڕاوە و بەم کارە دەیانویست بڵێن ئێمەش لە باری باوڕ و خواناسیدا هەر وەکوو ئێوە بیر دەکەینەوە؛ بۆ نموونە بەشێکی زۆر لە کتێبەکانی *رساله قشیری*، *کشف المحجوب*، *التعرف لمذهب التصوف*، *مصباح الهدایه* و زۆرێکی تر، بابەتە کەلامییەکانیان هێناوە. بەڵام هەروا کە زەڕین‌کوب دەڵێ: لە نێو عارفەکاندا کەسانێک هەبوون کە درۆزن یان ڕیاکار بوون و خەڵکیان فریو دەدا (زرین‌کوب، ١٣٦٩: ١٥٣). ئەم فریوکارییەی تاقمێ لە شێخەکان لە نێو کوردەواریشدا زۆر باو بووە. ئەو شێخە فریوکارانە کە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا خەڵکیان فریو دەدا، زۆر جار بە بۆنەی شوێنکەوتوویی خەڵک لێیان، بەرەبەرە تا ئاستی چەوساندنەوەی خەڵک ئەگەیشتن. حەمەی مەلا کەریم لەبارەی حاجی قادرەوە دەڵێ: «حاجی زۆری ڕق ئەهاتەوە لە خۆلێبایی‌بوونی ئەو جۆرە شێخانەی کە خۆیان وا ئەدەنە قەڵەم کە ئاگایان لە هەس و نێسی گێتی هەیە و هەموو کەسێکی تر بە هیچ ئەزانن. هەموو سەرمایەیەکیشیان ئەوەیە کە هێندێ نەفام و نەزانیان دواکەوتووە (حەمەی مەلاکەریم، ٢٠٠٨: ٧١). لەم بارەوە حاجی دەڵێ:

هەر شێخێ کەوتە شوێنی، یەک دوو کەسی ڕەش‌وڕووت خەڵکی بە موور دەزانێ، خۆی حەزرەتی سولەیمان
(حاجی قادر، ٢٧٠٧: ٨٠)

بێکس (١٣٢٣-١٣٦٧) لەو شاعیرانەیە کە سەبارەت بە دواکەوتوویی کوردەوە قسەی زۆرە. ئەوەی کە پێویستە ئێمە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین، ئەو وتانەیە کە سەبارەت بە شێخ و عیرفان و سۆفیگەرییەوە گوتوویە. بێ‌کەس لە شیعرێکدا بە ڕوونی ڕوخنە لە شێخ دەگرێ کە چۆن بوونەتە هۆی چەوساندنەوەی خەڵکی هەژار:

شێخ که دەف لێ دەن وەکوو (...) له زیکرا هەڵپەڕێ
چی بکا دەروێشی نادان؟ حەقیەتی گەر هەڵتڕێ
شێخ خیلافی ئەمری باری هەرچی فیعلێکی هەیە
گشتی بۆ مووچەو بەراتە تا لە خەڵقی وەرگرێ
کەی خودا فەرمووی که وەک (...) بۆڕەبۆڕ دەس پێ بکەی؟
ورگی خۆت ڕووت کەی به شمشێر لێی بدەی تا هەڵدڕێ
(بێ‌کەس، بێ‌تا: ٦٢)

یەکێک لەو شیعرانەی بێکەس کە بە توندی ڕەخنە لە شێخەکان و کاروباری ئەوان ئەگرێ، شیعری «بەهەشت»ە. لەم شیعرەدا ڕاشکاوانە دەری‌دەخات کە برێ باوڕیان وایە بەهەشت جێگای شێخ و سۆفییە. ئەو شێخ و سۆفییانەی کە لە باوڕی ئەودا لات و دێوانەن. باقی خەڵکیش وەکوو: موختەریع، عالم، مونەوەر، هەموو کافری بتخانەن. شێخ ئەگەر تالان بکا، بێ ئەخلاقی بکا، خەڵک بکوژێ، بەئسی نییە؛ چونکە ئەولادی ڕەسووڵە و لە قیامەتدا پرسی نییە. سۆفییەکانیش وا بیر دەکەنەوە کە بەهەشت بە ڕیش دەدات و بەم ئادابەی کە بە ڕواڵەت ئەنجامی دەدات، نەک بە هۆی عیرفانی ڕاستەقینەوە. هەر بۆیەش لە خودا دەپاڕێتەوە کە ئەگەر بەهەشت جێگای ئەو شێخە جاهیل و شێتە بێ، من پێم خۆشە بمخەیتە جەهەننەم و ئەو بەهەشتە لە ڕاستیدا تیمارخانەیە:

لای گەلێ وایە کە جەننەت تەکیە و لاتخانەیە
جێی مورید و شێخ و سۆفی، مەلجەئی دێوانەیە
غەیری ئەم قیسمانە، باقی کافری بتخانەیە
موختەریع، عالم، مونەووەر، پەشمە لای، ئەفسانەیە
شێخ ئەگەر سەد کەس بەخەنجەر لەت بکا، بەئسی نییە
بکا، تالان بکا، کوشتار بکا ترسی نییە «...»
(پێشوو: ٦٦)

قانع (١٣١٦-١٣٨٥)یش لەم بوارەدا شیعری زۆری هەیە و یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی دواکەوتوویی کورد لەوە دەزانێت کە خەڵک بێ ئەوەی لە عیرفان تێگەیشتبێتن، شوێنی شێخ کەوتوون. لە شیعرێکدا دەڵێ:

بێ قەزابێ، مامە سۆفی تا بێ ڕیشی پان ئەکا
«قل» بە «فل» حاڵی بووە، چی ئیدیعای ویژدان ئەکا؟
خەڵکی گەییە جەلبی ڕووح و ئەو خەریکی شانەیە
حەز لە تەزبیحی گڵین و خڕنووک و قەزوان ئەکا
وا دراوسێ کەشفی مانگ و ڕۆژ ئەکەن، ئیمەش شوکور
کاکە دەروێش وا خەریکە، کەشفی دۆڵەی نان ئەکا!
(قانع، ١٣٨٨: ٧٤)

ئەم بابەتە لای شاعیرانی دیکەش هەیە و باس کراوە. «ناری» (١٢٥٣-١٣٢٣) یەکێک لەو شاعیرانەیە کە گەرچی خۆی موریدی شێخەکان بووە، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی ڕەخنەیان لێ نەگرێ؛ بۆیە لە یەکێک لە شیعرەکانیدا بە تێروتەسەلی ئەو کەسانە ئەداتە بەر تانە کە باوڕیان هەیە دەروێش و سۆفی‌بوون، بە واتای پرچ و زیکر و ئەو ئادابە ڕواڵەتییانەیە کە لە لایەن سۆفییەکانەوە ئەنجام دەدرێ:

بە پرچ و زیکر و مارو دەف خەورازیق خەرقەیێ ناژی
لیباسی سەڵتەنەت ڕانی ویلایەت وا لە بەر شادا
... خەیالی خاوە جەزبی دڵ، بە زەرگ و ورگی چۆچانی
مەحاڵە ماری جەعلی موددەعی ئیلزامی «مووسا»دا
(ناری، ١٣٨٣: ٤٣)

لە دواییدا باسی فریودان و چەوساندنەوەی خەڵک دەکات کە چۆن هێندێ لە شێخەکان خەڵک ڕووت دەکەنەوە. ئەمانە گورگگانێکن لە پێستی مەڕدا. بە ڕای ناری ئەوانەی لەگەڵ خەڵکدا درۆ دەکەن، پرچ دادەنێن و زەرگ دەوەشێنن، لە ڕەوتی شەریعەت ترازاون و لە ڕێبازی قادری یان نەقشبەندییە لایان داوە:

بە تەنیا تف لە نێو دەم کردن و قەنداو و دەرخستن
خەڵک ڕووت کات و پاروی زل لە سەدری و گوشتی شەک بادا
خەتای تۆیە لە نێو پێستی مەڕا، گورگت لە مەڕ بەر دا
ئەتۆی لەتمەت بە شاهی نەقشبەند و غەوسی بەغدا دا
غۆلامی سەییدێکم من لە شەرعی جەددی لا نادا
بە دڵ قوربانی ئالی عارفم، شەرعەن بە تەعزیمی
تەریقەی قادری کەی زیدی ئەحکامی شەریعەت بوو؟
خودا دێوانە ڕووڕەش کا، کە جاری دا بە دنیادا
(پێشوو: ٤٤)

سەلام (١٢٦٣-١٣٣٨) شاعیرێکە خۆی لە بنەماڵەی شێخانی هەڵەبجە بووە و لە سەر شێوازی «نۆکلاسیک»ەکان شیعری هۆنیوەتەوە. لە شیعرێکدا کە لەبارەی ئەو کێشە سەرەکییانە دەدوێ کە ناهێڵن کورد سەرکەوێ و وەکوو کۆسپ، بەرگری لە پێشکەوتنی کورد دەکەن؛ دەڵێ:

درۆیە سەرگرێ ئیشی گەلی کورد    گەلێ وەک تۆ بە داخ و دەردی ئەو مرد
هەتا شێخی درۆ و حیلە بمێنێ    درۆیە کورد بجووڵێ حەق بسێنێ
هەموو دەروێش و مارگر زەرگ‌وەشێنن    ئەمانە ڕاپەڕن تۆڵە بسێنن؟
درۆیە کەی بەهەشتم بۆ ئەوانە    بەهەشتی من ڕەوشتی پاک و جوانە

(سەلام، ١٩٩٠: ١١٠)

### ٣-٢-٥- ئازادی و سۆفیگەری

جگەر خوێن (١٢٨٢-١٣٦٣)شاعیری ئازادی‌خوازی کورد لە سووریە کە چەندین دیوانە شیعری بڵاو کردۆتەوە، لە یەکێک لە شیعرەکانیدا لە دژی سۆفیگەریی لادەر لە ئامانجە سەرەکییەکانی ڕادەوەستێت و ئەم جۆرە سۆفیگەرییە بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دواکەوتوویی گەلی کورد دەزانێ؛ بۆیە خەڵک لە خەونی نائاگاییدا هەڵدەستێنێ و ڕاشکاوانە و بوێرانە دەڵێ: ئەم کارەی شێخەکان فڕی بە ئایینەوە نییە و خەڵک نابێ شوێنیان بکەون. دینێک کە خەڵک دیل بکات و ئازادییەکانی لێ بگرێ، ئەوە دین نییە و بێ گومان دەبێ وەلا بنردرێت. لە ئاکامدا بەوە دانەدەنێ کە ئەم جۆرە سۆفیگەرییە کە ئێستا لە کوردستاندا باوە، ماجە ڕەواکانی خەڵک پێشێل دەکات و ئازادییان لێ دەستێنێ:

دەستی شێخ ماچێ مەکەن ئەو شێخ نە قوتبێ رازییە    تاج و شەوکەت ئەڤ خەباتا دەستێ سار و تازییە
ئەو نەدینە دبن مە بە دین سەرخوە بوونا میللەتێ    سەر مەبە بەر لنگێ شێخ کەنگی خودێ ژ ڕازییە

(خەزنەدار، ٢٠١٠: ٥٧٥/٦)

### ٣-٢-٦- ئاکاری نالەبار

نێربازی و بە شوێن غەریزەی جنسیدا ڕۆیشتن، ئاکارێکی ناشرین لە نێو تاقمێ لە شێخەکاندا بووە. ئەم لادانە ئەخلاقییە لە زۆر زووەوە لە نێو برێک لە تەکیە و خانەقاکاندا باو بووە؛ تا ئەو ڕادەی کە لە نێو ڕێبازە سۆفیگەرییەکاندا کۆمەڵێک بووە بە نێو «حلمانیە» کە شوێنکەوتووانی اوحدالدین کرمانی(فەوت ٦٣٥ ک.م) بوون. «ابوحلمان» ئەو جۆرە کە دەیگێڕنەوە، بۆ جوانە شۆخ و شەنگەکان کڕنۆشی کردووە و «اوحدالدین کرمانی» لە کاتی «وجد»دا سنگی بە سنگی ئەوانەوە دەلکاند. هەر بەو بۆنەوە بووە کە شەمسی تەبریزی، «اوحدالدین»ی داوەتە بەر تانە و خوسن. «فخرالدین»یش (فەوت ٦٨٨ ک.م) بە دوای «امرد»ێکی جواندا لە عێراقەوە بۆ هێند ڕۆیشت (زرین‌کوب، ١٣٦٩: ١٥٥) نموونەی ئەم جۆرە ئاکارە نالەبارانە لە مێژووی سۆفیگەریدا زۆرە و یەکێک لەو هۆکارانە بووە کە خەڵک بەرهەڵستی ئەو تاقمە سۆفییانە ڕاپەڕیون. ڕەمزی (١٢٨١-١٣٥١)شاعیری خەڵکی سلێمانی لەم بارەوە دەڵێ:

شێخم ئەڵێن دایم گەمارۆی نێر و دەوری مێ ئەدا    فەرقی پاش و پێشی هەرگیز بۆ نییە و هەر لێ ئەدا
چۆن ئەبێ نان و نمەک شێتی نەکات و نەیگرێ    واکە ئازاری دڵی شۆخێکی وەک لەیلێ ئەدا

(خەزنەدار، ٢٠١٠: ٥٥٥/٦)

ئەم بابەتە پێشتریش لە شیعرەکەی نالیدا باسمان لێ کرد کە دەڵێ:

شێخ چ گەرمە حەڵقەیی زیکرت بە ڕەشبەڵەک    حاڵی ئەمانە خۆ بە جەنابت موحەووەلە

(نالی، ١٣٨٧: ٤٧٥)

پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت کە زۆربەی ئەو شاعیرانەی ئەم جۆرە ڕەخنەیانە لە عیرفان و سۆفیگەری دەگرن، مەبەستیان هەموو عارفەکان و سۆفییەکان نییە، بەڵکوو بەچاوی ڕێزەوە دەڕوانن بۆ ئەو شێخانە کە دەبنە مایەی پێشکەوتوویی خەڵک، یان لانیکەم خەڵکی هەژار ناچەوسیننەوە. حاجی قادر لە یەکێک لە شیعرەکانیدا کە ڕەخنە لە سۆفیگەری دەگرێ، برێک لە عارفەکان جوێ دەکاتەوە و دەڵێ: ئەمان ڕێزیان هەیە و ئەگەر بە دونیادا بگەڕێن بۆتان دەردەکەوێ کە هەن شێخانێکی تر کە وەک ئەمانە نین؛ بۆ نموونە ئاماژە بە مەولانا خالید شارەزووری دەکات:

یەکتان نەچوونە گەردش، وا لێ دەگەن لە دونیا     هەر پادشاهی ڕۆمە و شاهی عەجەم لە تاران
قوتبی زەمانە خالید ئاوارە بوو وەکوو من     بێ قەدر و قیمەت و شان، بێ خانومان و بێ نان

(حاجی قادر، ۲۷۰۷: ۸۱)

حاجی لە شیعرێکدا ناوی چەند کەسایەتییەکی کورد دەبات و سەبارەت بە خزمەتگوزاری و خێرخوازیی ئەوانەوە بۆ خەڵک باس دەکات. هێندێ لەمانە شاعیرن و هێندێکیشیان شێخ؛ بەڵام چونکە خزمەتگوزاری خەڵکی نێو کومەڵگان، بە چاکە ناویان دەبات؛ وەکوو ئەحمەدی خانی، شێخ ئەحمەدی جزیری، مەولانا خالیدی شارەزووری، کاک ئەحمەدی شێخ، شێخ عەبدوڕەحمانی تاڵەبانی، شێخ عومەری بیارە، بنەماڵەی شێخەکانی بارزان و نەهری:

مەعدەنی عیلم و عالیمی عامیل     قوتبی دەوران و مورشیدی کامیل
هەر لە ئەووەڵ جەنابی مەوولانا     نەقشبەندی ڕەواقی ئیللەڵلا
غەوسی سانیی و حاتەمی مەزهەب     عەبدوڕەحمانی خالسی مەشرەب

(پێشوو: ۱۸۸)

## ٤- ئەنجام

دوای نەمانی دەسەڵاتی ئیسلامی و لەناوچوونی سیستەمی شۆرایی، بەپێی بڕوا و ڕوانگەی ئەهلی سوننە، زۆر شت لە باوڕ و ڕەوشتە بایەخدارانە، یان لەناو چوون، یان بە شێوەیەکی تر گۆڕدران. یەکێک لەو شتە بایەخدارانە، زانستە ئیسلامییەکان بوو کە لە سەردەمی پێغەمبەردا لە تەنیشتی یەکدا بوون. سێ لقی سەرەکیی ئەو زانستە ئیسلامییانە بریتی بوون لە: «کەلام»، «فیقهـ» وە «عیرفان». ئەوانەی «کەلام»یان بە «علمی دین» دەزانی، بەرهەڵستی ئەوان هەڵدەستان.؛ ئەوانەش وا فەقێ بوون بەرهەڵستی ئەهلی عرفانیان دەکرد. ئەم ململانێیە تا سەردەمی ئیمام غەزالی درێژەی هەبوو؛ بەڵام غەزالی کە کتێبی *احیاء علوم الدین‌ی* نووسی، تا ڕادەیەک توانی زانستە ئیسلامییەکان کۆکاتەوە و لەیەک نزیک ببنەوە؛ بەڵام هیچ کات نەیانتوانی دیسان وەک سەردەمی پێغەمبەر بن و هەرکام لەم سێ لقە هەڵەی خۆیانیان هەبوو. لە کومەڵگای کورددا عیرفان و سۆفیگەری هەر وەک وڵاتە ئیسلامییەکانی تر بوو، بەتایبەت دوای مەولانا خالید شارەزووری و شێخ مارف نۆدێیی، دوو ڕێبازی سۆفییانە بە نێو قادری و نەقشبەندی لە بەربەرەکانێ و ململانێیەکی زۆردا بوون؛ تا ئەو ڕادەیە کە مەولانا خالید، سلێمانی بەجێ هێشت و ڕۆیشت. لە دوای بزووتنەوەیەک کە لە نێو کوردەکاندا بەدیهات و توانیان داوای ماڤی نەتەوایەتیی خۆیان بکەن، ئەمەیان حاڵی بوو کە یەکێک لەو کۆسپ و لەمپەڕانەی کە بەرگری لە وریابوونەوەی خەڵک دەکات، جۆرێ عیرفان و سۆفیگەرییە کە لە ڕاستیدا لە سەر ڕێبازی ڕاستەقینەی خۆیان نەماون و ئەوانن کە ناهێڵن خەڵک چاو بکەنەوە. چەند خاڵێکی گرنگ کە شاعیرە ڕووناکبیرەکان، بەتایبەت حاجی قادر، جەختیان لە سەری کردووە، ئەمانەن: گەشەپێدانی نەخوێندەواری، چەوساندنەوەی خەڵک لە بواری ئابوورییەوە، نێربازی و بە دوای ڕابواردندا ڕۆیشتن، دروس‌کردنی خانەقا و تەکیە بە جێگەی مزگەوت، کە لە ڕابوردوودا جێگەی وانەگوتنەوە بوو، ڕیا و دووڕوویی، بەتایبەت لە نێو تاقمێ لە شێخەکان و سۆفییەکاندا، خەڵەتاندنی خەڵک بە نووشتە و دعای ئەفسووناوی، خۆ بە دەستگیری خەڵک لە عالەمی غەیبدا زانین،

خۆ بەزلزانین و خۆپەسەندیی ئەو شێخانە کە مورید و مەنسووبیان هەبوو و هتد. بەم بۆنانەوە بووە کە شاعیران و رووناکبیرانی ئەو سەردەمە دژ بە سۆفی و شێخە ناڕاستەکان وەستاون. هەمووی ئەمانە بە ڕای شاعێرە ڕووناکبیرەکان بوونە هۆی دواکەوتوویی میللەتی کورد و ئەگەر خەڵک ئەمەیان باش حاڵی ببوایە، دوور نەدەبوو ڕێگە بۆ ڕزگاریی میللەتی کورد لە دەستی کێشەکانی تر خۆش ببێت.

## یادداشت

١- بیدعە لە زانستی ئیسلامیدا بەو بابەتانە دەڵێن کە بە ڕای ئەوان لە ئیسلامدا هیچ بنچ و بنەوانێکی نییە.

٢- وشەی ئیمپراتوریم لەم بارەوە لە مامۆستا حەمەعەلی قەرەداغی بیستووە.

٣- فەلسەفەیەک کە بڕوای بە دۆزینەوە و تێگەیشتنی ڕاستی بە یارمەتیی هزر و بیر و چێژی دەروونییە.

٤- سیماڵ هەر ئەو سیامالانەن، بەڵام ژنانی هۆزەکە گۆردراون.

٥- ئەڵبەت لە نێو ئەمانەشدا هەبوون کەسانێکی باش کە بۆ خۆیان لە چاکسازی و پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردیدا ئەرکی خۆیانیان بەجێ هێناوە.

٦- بە داخەوە دیوانی ئەم شاعیرەم وەک ڕەمزی دەست نەکەوت؛ بۆیە لە کتێبی *مێژووی ئەدەبی کوردی*، بەرهەمی خەزنەدار، کەڵکم وەرگرت.

## سەرچاوەکان

### فارسی

ابوالخیر. ابوسعید. (۱۳۷٦). *اسرار التوحید*. تصحیح محمد رضا شفیعی‌کدکنی. تهران: آگه.

احمدی، جمال. (۱۳۹۵). *تاریخ ادبیات کردی از آغاز تا جنگ جهانی اول*. شعر: گوتار.

استعلامی، محمد. (۱۳۸٦). *درس حافظ*. تهران: سخن.

استیس، والتر. (۱۳۸۵). *عرفان و فلسفه*. ترجمۀ بهاءالدین خرمشاهی. تهران: سروش.

حسینی، مریم. (۱۳۹۸). *مکتب‌های ادبی جهان*. تهران: فاطمی.

خرمشاهی، بهاءالدین. (۱۳۸٤). *ذهن و زبان حافظ*. تهران: ناهید.

زرین‌کوب. عبدالحسین. (۱۳٦۹). *ارزش میراث صوفیه*. تهران: امیرکبیر.

زمانی، کریم. (۱۳۸۹). *میناگر عشق* (شرح موضوعی مثنوی). تهران: نی.

شفیعی‌کدکنی، محمدرضا. (۱۳۹۲). *زبان شعر در نثر صوفیه*. تهران: سخن.

غزالی، امام محمد. (۱۳٦۸). *کیمیای سعادت*. تصحیح حسین خدیو جم. تهران: انتشارات علمی و فرهنگی.

غنی، قاسم. (۲۵۳٦). *بحث در آثار و افکار و احوال حافظ*. تهران: زوار.

قشیری، ابوالقاسم. (۱۳۷٤). *ترجمۀ رسالۀ قشیریه*. به تصحیح بدیع الزمان فروزانفر. تهران: علمی و فرهنگی.

مصنف چوری، ملا ابوبکر (۱۳۷۸). *سراج الطریق*. به اهتمام میرزای هورامی. سنندج: کردستان.

مولوی، جلال‌الدین محمد. (۱۳۸۵). *مثنوی معنوی*. تصحیح رینولد.ا. نیکلسون. تهران: هرمس.

هجویری، علی. (۱۳۸٤) *کشف المحجوب*. تصحیح محمود عابدی. تهران: سروش.

### کوردی

ئیبراهیم ئەحمەد. شوان. (۲۰۰۱). سۆفیگەری (شیعری ئایینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا). هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی کوردستان.

بێکەس، فایق. (بێ مێژوو). *دیوانی بێکەس*. سقز: محمدی.

حاجی قادر کویە. (۲۷۰۷). *دیوانی شعر*. لێکۆڵینەوە سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا. سنە: میدیا.

خەزنەدار، مارف. (۲۰۱۰). *مێژووی ئەدەبی کوردی*. بەرگی شەشەم، هەولێر: ئاراس.

دزڵی، مەلا حەسەن. (۱۳۹۱). *دیوانی مەل حەسەن*. لێکۆڵینەوە برایم مەردۆخی و ئەحمەد نەزیری. مریوان: ئەوین.

سابیری، شیخ نجم‌الدین. (۱۳۹٦). *دیوانی سابیری*، لێکۆڵینەوە سید نجم‌الدین انیسی. سنندج: امام ربانی.

سەلام. (۱۹۹۰). *دیوانی سەلام*. ئامادەکردنی ئۆمێد کاکەڕەش. بغداد: الحوادث.

قانع، محمد. (۱۳۸۸). *دیوانی قانع*. کۆکردنەوەی بورهان قانع. تهران: پانیذ.

مەلاکەریم، حەمە. (۲۰۰۸). *دوو بابەت لەبارەی بیر و شیعری حاجی قادری کۆییەوە*. هەولێر: ئاراس.

ناری، کاکە حەمەی بیلوو. (۱۳۸۳). *دیوانی ناری*. کۆکردنەوە کاکەی فەللاح. سنندج: کردستان.

نالی، مەلا خدر. (۱۳۸۷). *دیوانی نالی*، لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕس. سنندج: کردستان.